# یانەی مەخمور هەوڵی مانەوەی دەدات لەئیدارەی موسڵیش هاوکاری ناکرێت

**تیپی تۆپی پێی یانەی مەخمور دوای ئەوەی ساڵی ڕابردوو توانی بەپلەی یەکەم لەخولی پلە دووەکانی کوردستان سەرکەوێت بۆڕیزی یانە پلە یەکەکان، ئەمساڵیش لەخولی پلە یەکەکانی کوردستان ئاستیان وەکو پێویست نییە و هۆکاری خراپی ئاستی یانەی مەخموری میوانی ئەمساڵی خولەکەش بۆ نەبوونی یاریگایەکی تایبەت بەیانەکەیان دەگەڕێننەوە، تا ئێستاش قەزای مەخمور سەر بەپارێزگای موسڵە و لەڕووی وەرزشیشەوە هیچ هاوکارییەك ناکرێت. لەم بارەشەوە ئەم ڕاپۆرتەمان ئەنجامدا..**

مامۆستا تاریق سەرۆکی یانەی مەخمور لەبارەی ئاستی یانەکەیان و کێشەکانیان بۆگۆڤاری گوڵان گوتی «ئاستی یانەی مەخمور لەم وەرزە ئاستێکی مام ناوەندییە، ئێمەش لەم وەرزی خولی پلە یەکەکانی کوردستان تەنیا یەك ئامانجمان هەیە، ئەویش مانەوەیە لەخولی پلەیەکی کوردستان، چونکە ئەوە ساڵی یەکەممانە بەشداری یارییەکانی خولی پلە یەك دەکەین و دەبێتە ئەنجامێکی باش بۆمان خۆمان بهێڵینەوە لەخولەکە، ئەزمونێکی وامان نییە،



چونکە ئەوە یەکمجارە بەشداری بکەین. گوتیشی کێشەو گرفتەکانی یانەی مەخمور یەکجار زۆرن بەتایبەتی نەبوونی یاریگایەکی تایبەت بەیانەی مەخمور، ئێمە یاری خۆمان هەیە لەخولەکە لەبری ئەوەی لەیاریگای خۆمان ئەنجامی بدەین، دەچین لەشاری هەولێر یارییەکە ئەنجام دەدەین، ئەوەش کاریگەری دەبێت لەسەر ئاستی یانەکەمان، ئەگەر یانەیەك لەیاریگای خۆی یەك مەسروف بکات ئێمە دەبێت دوو مەسروف بکەین. گوتیشی زۆربەی یاریزانەکانمان خەڵکی مەخمور نین دەبێت پارەیەکی باشیان لەکرێی ئۆتۆمبێل بۆ سەرف بکەین، ئەوەش کێشەیە بۆئێمە و بودجەی یانەکەمان ٥ملیۆن دینارە ئەو بڕە پارەیە بەشی چی دەکات، چەندین یاریی جۆراوجۆرمان هەیە لەیانەی مەخمور ئەگەر ئەو هەموو یارییەمان هەبێت پێنج ملیۆن بەشی چی دەکات، گوتیشی هیچ کەسێك هاوکاریمان ناکات جگە لەبەرپرسی لقی مەخمور، ئەگەر کەسیش هاوکاریمان نەکات چۆن باش دەبین، بۆیە پێویستە لەسەر بەرپرسانی وەرزشی ئاوڕێك لەیانەی مەخمور بدەنەوە، هەرچەندە مەخمور لەسەر ئیدارەی موسڵ هەژماردەکرێت کەچی یەك دینارمان پێ نادەن.

هێرش مەجید یاریدەدەری ڕاهێنەری یانەی مەخمور لەبارەی ئاستی یانەکەیان گوتی «ئەمساڵ ئاستمان لەخولی پلەیەکدا وەکو پارساڵ نییە، چونکە ئێمە پارساڵ سەرکەوتین بۆخولی پلەیەك، بۆیە خولی پلەیەکیش زۆر جیاوازە لەگەڵ خولی پلە دوو، ئاستەکەشمان تاکو ئێستا جێگیر نییە، ئاستمان تۆزێك لاوازە لەیارییەکانی داهاتووش هەوڵدەدەین باشتر بین. کێشەی ئێمە نەبوونی یاریگایەکی تایبەتە بەخۆمان بۆئەوەی یارییەکان لەسەر یاریگای خۆمان ئەنجام بدەین، ئەگەر یارییەکانی خولی پلەیەك لەشاری مەخمور ئەنجام بدرابایە، هاندەرێکی یەکجار زۆرمان ئامادەی بینینی یارییەکان دەبوو، گوتیشی بەهۆی ئەوەی کەوا یاریزانەکانمان هەندێکیان لەشاری هەولێرن و هەندێکی تریش لەیانەکانی تر هاتوونە، ئەوەش کێشەیە، چونکە بەشێوەیەکی باش لەمەشقەکان ئامادەنابن یاخود لەمەخمور نامیننێنەوە، ئەوەش کاریگەری دەبێت لەسەر ئاستی یاریزانان، گوتیشی گۆڕینی ڕاهێنەر ئەوەش کاریگەری هەبوو لەسەر یانەی مەخمور کە دوو ڕاهێنەرمان گۆڕیوە، گوتیشی هەموو هەوڵێکمان تەنیا مانەوەیە لەخولی پلەیەکی کوردستان، بەهیوای ئەوەشم هاوکاری یانەی مەخمور بکرێت، چونکە ئێمە لەسەر موسڵ حیسابین، هیوادارم ئاوڕی جدی لەشاری مەخمور و وەرزشی مەخمور بدرێتەوە بۆئەوەی ئێمەش بتوانین لەساڵی داهاتوو ئەنجامی دڵخۆشکەر بۆخەڵکی مەخمور بەدەستبهێنین.

محەمەد حەیدەر کاپتنی یانەی مەخمور لەم بارەیەوە گوتی «ئەمساڵ ئاستی خولی پلە یەکەکانی کوردستان ئاستێکی بەرزی هەیە، یانەکان هەموویان ئاستیان لەیەکتری نزیکە، تەواوی یانەکانیش لەسەر یاریگای خۆیان یاری ئەنجام دەدەن، کەچی یانەی مەخمور یاریگایەکی تایبەت بەخۆی نییە کە یاری



لێ ئەنجام بدات، بۆیە زۆربەی یارییەکانی ئەم وەرزەمان لەسەر یاریگای شەهیدان بووە لەشاری هەولێر، ئەوەش وایکردووە کە جەماوەری یانەکەمان لێمان دابېڕێن بۆیە پێویستە لەسەرلایەنی بەرپرس بەزووترین کات کێشەی یاریگامان بۆچارەسەر بکەن بۆئەوەی هاندەرانی وەرزشی مەخموریش لەتیپەکەی خۆیان دانەبڕێن، چونکە خەڵکی مەخمور کەسانێکی وەرزش دۆستن، بودجەی یانەکەشمان وەکو پێویست نییە، بۆیە ئەمساڵ تاڕادەیەك ئاستمان وەکو پێویست نەبووە، هەموو هەوڵێکیشمان لەم وەرزە تەنیا مانەوەیە لەخولی پلە یەکەکانی کوردستان بۆئەوەی بتوانین لەساڵی داهاتوو ئەنجام و ئاستمان دڵخۆشکەر بێت، داواکاریشم لەلایەنی بەرپرس هاوکاری گشت یانەکانی کوردستان بکەن.





## دکتۆر عەبدوڵڵا سەرۆکی یانەی هەولێر:

# سوودمان لە پرۆژە بازرگانیەکان وەرگرتووە و لە ئایندەش باشتر دەبێت

دیمانە: کارزان کانەبی

**دکتۆر عەبدوڵڵا یەکێکە لەخەمخۆرانی یانەکە و هەمیشە ئامادەبووە بەهەموو جۆرێك خزمەتی یانەی هەولێر بکات، تەنیا بۆ پێشکەوتنی یانەکەو بەدەستهێنانی نازناوەکان. یانەی هەولێر لەسەر دەستی ئەویش سێ ساڵ بۆتە پاڵەوانی خولی یانەکانی عێراق، ناوبراو لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٧شاری هەولێرە و خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لەوەرزش و پێشتر یاریزانی تۆپی دەستی یانەی هەولێر بووە، ئێمەش لەنزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجامدا.**

*** لەئێستادا تاچەند گەشبینی بەئاستی یانەی هەولێر؟**

- من هەمیشە گەشبین بوویمە بەیانەی هەولێر، هەرچەندە یانەکەمان هەندێك جار تووشی شپرزەیی دەبێت، بەڵام دەتوانین بەزووترین کات چارەسەری کێشەکانی یانەکە بکەین.

*** بەچ شێوەیەك گرێبەستتان لەگەڵ نزار مەحروسی سووری مۆرکردوە بۆوەرگرتنی مەشقی یانەی هەولێر؟**

- وەکو هەموو ڕاهێنەرەکانی تر کەوا ساڵانە لەئێستاوە تاکو کۆتایی هاتنی یارییەکانی جامی ئاسیا، بڕی گرێبەستەکەشی ١٥٠هەزار دۆلارە بەمووچەو هەموو شتێکەوە.

*** لەئێستادا ئێوە زۆرجار باسی ئەوە دەکەن، کە یانەی هەولێر پارەیەکی زۆر قەرزارە، بەرنامەتان چییە بۆدانەوەی قەرزەکان؟**

- ڕاستە پارەیەکی زۆر قەرزارین تاکو ئێستا بودجەمان بۆسەرف نەکراوە، بەڵام لەئێستادا بڕیاری ئەوەیان داوە لەچەند ڕۆژی داهاتوو پارەکەمان بۆسەرف بکەن و کێشەکانمان چارەسەر بکەین.

*** لەشەقامی وەرزشی باسی ئەوە دەکرێت، کە ئێوە ئەیوب ئەدیشۆتان دوورخستۆتەوە نەك خۆی بڕیاری دەست لەکارکێشانەوەی دابێت؟**

-نەخێر شتی وانییە خۆی دەستی لەکارکێشاوەتەوە، ئەیوب ئەدیشۆ ڕاهێنەرێکی زۆر باشە و یەکێکە لەڕاهێنەرە هەرە باشەکانی عێراق.

*** تاچەند سوودتان لەپرۆژە بازرگانیەکان وەرگرتووە؟**

- سوودمان وەرگرتووە، بەڵام ڕەنگە لەئایندە سوودی زۆر باشتریش وەربگرین لەپرۆژە بازرگانیەکان.

*** ڕاستە وەکو یانەی هەولێر پشکتان لەپرۆژەی تابلۆ مۆڵدا هەیە؟**

- بەڵێ ڕاستە سەدا ٤٥ پشکمان هەیە لە تابلۆمۆڵ.

*** بەرنامەتان چییە بۆخۆئامادەکردن بۆیارییەکانی جامی ئاسیا کە لەئێستادا تەنیا دوومانگ ماوە یارییەکانی دەست پێ بکات؟**

- ناتوانین هیچ بەرنامەیەك دابنێین، لەبەر ئەوەی خولی عێراق زۆر موخەربەت و بێ سەروبەرە و کات و ساتی یارییەکانی دیار نییە، پێنج ڕۆژ جارێك یارییەك ئەنجام دەدەین ئەوەش کێشەیە، ئەگەر ئێمە بمانەوێ بەرنامە دابنێین بۆئەوەی سەربازگەیەکی مەشقی ئەنجام بدەین، یارییەکانمان هەمووی دوادەخرێت و ئەوەش لەدوایی کێشەمان بۆدروست دەبێت، بەڵام بەرنامەمان هەیە بۆهێنانی یەك دوو یاریزان تا ئەو کەم و کورتیەی لەتیپەکەمان هەبێت چارەسەر بکەین.

*** دەتوانی لەئێستادا موژدە بەهاندرانی یانەی وەرزشی هەولێر بدەی بۆ بەدەستهێنانی خولی بژاردەی عێراقی؟**

- ئێمە خۆمان لەئێستادا پلانمان داناوە کەوا چۆن ببینە پاڵەوانی یانەکانی عێراقی و گەشبینین پەنا بەخوا دەبینە پاڵەوانی عێراق.

*** هۆکاری چیە هاندرانی وەرزشی ئامادەی یارییەکانی یانەی هەولێر نابن لەیارییەکانی خولی بژاردەی عێراقی؟**

- هیچ پێوەندی بەیانەی هەولێر و ئەنجامی یانەی هەولێریشەوە نییە، چونکە ئێستا ئەنجامەمان زۆر باشە، بەڵام کاتی یارییەکان زۆر هەڵەیە، ئێمە وەکو دەستەی کارگێڕی نازانین چ ڕۆژێك یاریمان هەیە، ئەوە دەگەڕێتەوە سەر ڕێکخستنی خولی عێراقی کە بەموخەربەتی دادەنرێت و ڕۆژەکان دیار نییە و یارییەکان لەڕۆژانی هەینی نییە، کاتەکانیش کاتژمێر(٢:٣٠)خولەکە یارییەکانیش لەڕۆژانی دووشەممە و سێ شەممە ئەنجام دەدرێت، خەڵك لەدەوامی فەرمیە و ناتوانێ فەرمانگە بەجێ بهێڵن، ئەوانە سەدا ٩٥ی هۆکارن بۆئامادە نەبوونی هاندەران لەیارییەکانی یانەی هەولێر.

*** بڕیاری ئەوەتان دابوو ئەگەر هاوکاری نەکرێن بەکۆمەڵ دەست لەکاربکێشنەوە و بەشداری جامی ئاسیاش نەکەن؟**

- ئێمە هیچ کات بڕیاری ئەوەمان نەداوە کە دەست لەکاربکێشینەوە، چونکە یەك ساڵە بەبێ پارەین و کاریش دەکەین، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر هەر پارەش نەبوو ئەوە ناچارین چ بکەین دەبێت لەگەڵ یانەکە ڕێککەوین، بەڵام تاکو ئێستاش هیچ کات نەمان هێشتووە یانەکە لەکارەکانی ڕاوەستێت، ئەگەر هیچیش نەبێت وەکو پارە بەخۆمان توانیومانە چارەسەری بکەین.

*** ڕاگەیاندکارانی کوردستان زیاتر گلەیی ئەوەتان لێ دەکەن کە ئێوە زیاتر گرنگی بەڕۆژنامەنووسانی عەرەب دەدەن نەوەك کوردەکان؟**

- من تاکو ئێستا لەگەڵ یەك ڕاگەیاندکاری عەرەب دیمانەم ئەنجام نەداوە، تەنیا لەگەڵ کوردەکان دیمانەم ئەنجامداوە، یەك ڕاگەیاندکاری عەرەبیش نەهاتۆتە ئێرە دیمانەم لەگەڵ بکات، تەنیا لەکاتی یارییەکان نەبێت یان کە لەبەغدا یاریمان هەیە ئەوکات قسەم لەگەڵ بکەن، ئەگەر نا شتی وانیە.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لەکۆتاییدا؟**

-داواکارم وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان و لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان زیاتر گرنگی بەوەرزش بدەن بەتایبەتی ژێرخانی وەرزشی، داواکارم یاریگایەکی نێودەوڵەتی لەشاری هەولێر بکرێتەوە، لەوباوەڕەش دام هەتا یەك تا دووساڵی تر هەموو شارەکانی عێراق باشتر دەبن لە کوردستان لەڕووی ژێر خانی وەرزشیەوە، پاش ساڵێکی تر سەدا ١٠ی ئەوانمان نابێت لەم ڕووەوە.

# چێڵسی بۆندی کاهیلی سەرکەوتووانە تەواو کرد

یانـەی چێڵسـی بەفەرمـی ڕایگەیاند بۆندێکی لەگەڵ یاریزانی هێڵی بەرگری هەڵبـژاردەی ئینگلتـەرا و یانەی بۆلتن واندەرز گاری کاهیـل مۆر کردووە دوای ١٦ ڕۆژ وتوویژکـردن لەنێـوان هـەردوو یانـە، ماڵپەڕی فەرمی یانەی چێڵسـی سـەرکەوتوویی مۆرکردنـی بۆندەکـەی ڕاگەیانـد بەرامبەر بە٧ ملیـۆن پاوەند دوای ئەوەی یاریزانی ناوبراو پشکنینی پزیشکی ئەنجامدا.

یاریزان کاهیل ژمـارە ٢٤ی وەرگرت و دواتر لەلێدوانێکیدا بۆ ماڵپەری فەرمی یانەی چێڵسی گوتی: چێڵسی تیپێکی گەورەیە و هـەردەم بۆ بەدەسـتهێنانی نازناوەکان هەوڵ دەدات کە ئەوەش ئاوات و ئامانجی منـە لەیاریکردن بۆ یانەی بلوز، هەلێکی زێرینم لەپێشـە بۆ ئەوەی ببم بەبەشێك لەمێژووی یانەی چێڵسی.

جێـگای ئاماژە پێکردنـە کاهیل ١٣٠ یاری بـۆ یانەی بۆلتن ئەنجام داوە و ١٠ گۆڵـی بۆ یانـەی ناوبـراو تۆمار کردووە.




# ئەبیدال لەبلوگرانا بەردەوام دەبێت

ئەبیـدال بۆندەکەی بۆ ماوەی یەك سـال لە گەل یانـەی بلوگرانا تازە کردەوە لەگەڵ ئەگەری درێژکردنەوەی بۆندەکەی بۆ ماوەی ساڵێکی دیکە، ماڵپەڕی یانەی بەرشـلۆنە دووپاتیکردەوە کە یانەکەی هەرێمی کەتالۆنیا لەدوای ئەم دوو سـاڵە مافی ئەوەی هەیە بۆ سالی سـێیەم درێژە بەبۆندەکەی ئەبیدال بدات، ئەوەش مانای ئەوەیە کە ئەبیدال دەتوانێت تا ساڵ٢٠١٥ یاری بۆ یانەی بەرشلۆنە بکات.

بەتازەکردنەوەی بۆندی ئەبیدال یانەی بەرشلۆنە ڕێگای لەهەموو یانەکانی ئەوروپا گرت کە چاویان لەسەر ئەم یاریزانە دانابوو بەتایبەتی کە ئەبیدال بۆندەکەی لەکۆتایی ئەم وەرزە تەواو دەبوو ئەو کات دەیتوانی بەخۆڕایی بۆند لەگەڵ هەر یانەیەك مۆر بکات.



# نادال داوای لێبوردن لەفیدرەر دەکات

ئەستێرەی تێنسی سـەر زەوی ئیسپانی ڕافائیل نـادال داوای لێبوردنـی لەیاریزانی سویسـری ڕۆجەر فیـدرەر کرد دوای ئـەو ڕەخنانەی کە ئاراسـتەی یاریزانی ناوبراوی کردبوو، نادال کە ئێسـتا بەشدارە لەپاڵەوانیەتی ئوستورالیای کراوە لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لەدوای سەرکەوتنی بەسەر یاریزانی ئەمریکی ئەلیکس کۆزینتسوف بەئاسانی و گەیشتنی بۆ قۆناغی دووەم گوتی: ئـەوەی کە گوتم تـەواو و داوای لێبوردن دەکەم لەفیدرەر.

نادال ڕەخنەی ئاراسـتەی فیـدرەر کرد کاتێك ناوبراو باسی لەخراپی یاریگاکانی تێنس کردبوو و دووپاتـی کردبۆوە کە ئـەم لێدوانەی فیدرەر بەزیانی یارییەکە دەگەڕێتەوە، نادال لەپاسـاوی بۆ ڕەخنەکانـی گوتی: وتەکانـم بۆ جیاوازی بیروبۆچوون دەگەڕێتەوە، بەڵام پێوەندییم لەگەڵ فیدرەر زۆر باشە و بەردەوامە.

هەروەها نادال گوتی: لەمەودوا لێدوانەکانم تایبەت دەبێت بەیاری تێنس و وەڵامی هیچ پرسیارێکی دیکە دەرەوەی یاری تێنس نادەمەوە.



# ئارسن ڤینگەر داوای بەئاگاهاتنی یاریزانـــــــەکانی دەکات



ئارسـن ڤینگەر ڕاهێنەری یانەی ئەرسـنال داوای لەیاریزانەکانـی کرد لەخەو بەئاگا بێن و لەیارییەکانی داهاتوویان سـەرکەوتن تۆمار بکەن، بەتایبەتی دوای دوو دۆڕاندن بەرامبەر یانەکانی فولهـام بەئەنجامی (٢-١)گۆڵ و بەرامبەر سـوانزی سیتی بەئەنجامی (٣-٢) گۆڵ، بەم دوو دۆڕاندنە هەلی یانەی ئەرسنال لەململانـێ لەسـەر نازنـاوی پریمەر لیگ هەروەها زامنکردنی پلەیەك بۆ بەشـداریکردن لەخولی یانەکانی ئەوروپـا لەوەرزی داهاتوو یەکجـار کەم بۆوە، ڤینگـەر لەلێدوانێکیدا بۆ ماڵپەری یانەی ئەرسنال گوتی: دۆڕاندنی دوو یاری لەسەریەك کارێکی باش نەبوو بەتایبەتی کە ئێمە لەهەردوو یاری لەپێشەوە بووین، بەڵام بێباکی یاریزانان وایکرد ٦ خاڵ لەدەست بدەین، پێویستە یاریزانەکان بەئاگابێنەوە بۆ گەڕانەوە



# کریستیانۆ.. خولی ئینگلتەرا زۆر بەهێزترە

کریستیانۆ ڕۆنالدۆ ئەستێرەی یانەی ڕیال مەدریدی ئیسپانی دووپاتیکردەوە کە متمانەی تەواوی بەخۆی هەیە بۆ بەردەوامی لەئاستی ڕاستەقینەی خۆی و یارمەتیدانی یانەکەی لەخولی ئیسپانیا و خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا، کریستیانۆ لەلێدوانێکیدا بۆ ماڵپەری (دی تی) گوتی: من متمانەم بەخۆم هەیە و پێش هەر یارییەك هێمن دەبم، چونکە فشاری بەردەوام کاردانەوەی باش نابێت و من هەردەم بۆ سەرکەوتن یاری دەکەم.

کریستیانۆ لەدرێژەی لێدوانەکەی گوتی: من لەهەر یارییەکدا و بەرامبەر هەر یانەیەك سەرکەوتنم دەوێت و دەمەوێ بەباشی یاری بکەم، زۆرجار بیر لەیاریزانانی هێڵی بەرگری تیپی بەرامبەر دەکەمەوە بۆ ئەوەی بەباشترین شێوە یاری بکەم، من دەمەوێ لەگەڵ یانەی ڕیال مەدرید سەرجەم خولەکان بەدەست بهێنم.

سەبارەت بە بەراوردکردن لەنێوان خولی ئینگلتەرا و خولی ئیسپانیا، کریستیانۆ پێیوایە هەردوو خول بەهێزترین خولن لەجیهان، لەمبارەیەوە گوتی: هەردوو خول زۆر بەهێزن، بەڵام بەڕاشکاوانە دەڵێم خولی ئینگلتەرا زۆر بەهێزترە لەڕووی ململانێ لەسەر نازناوەکە.



هاتە ڕیزی یانەی بەرشلۆنە لەیانەی لیۆنی فەرنسییەوە و لەساڵی ڕابردوو تووشی شێرپەنجەی جگەر هات و دواتر چارسەر کرا و گەڕایەوە یاریکردن و لەیاری کۆتایی خولی یانەکانی ئەوروپا ٢٠١١ لەنێوان بەرشلۆنە و مان یونایتد وەك ڕێزلێنانێك یانەی بەرشلۆنە وەك کاپتنی تیپ دەست نیشانی کرد و جامی چامپیۆنز لیگی بەرزکردەوە.



بۆ ڕێڕەوی سەرکەوتنەکان بەتایبەتی لەگەڵ یانە گەورەکان. ڤینگەر ئەوەشی ڕاگەیاند کە هێشتا هەل لەپێش یانەی ئەرسنالە بۆئەوەی ململانێ لەسەر پلەکانی پێشەوە بکات ئەگەر نازناوەکەش نەبێت، شایانی باسە یانەی ئەرسنال تا ئێستا ٧ یاری دۆڕاوە ئەوەش ڕێژەیەکی یەکجار بەرزە بە بەراورد کردن لەگەڵ وەرزەکانی پێشوودا.




# پاڵەوانی جامی کۆکا کۆلا بۆ قوتابخانەکانی کوردستان دەچێتە پۆڵەندە و ئوکرانیا

هەفتەی ڕابردوو لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لەهەولێر گرێبەستی نێوان وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی کوردستان و کۆمپانیای سی سی بۆ خواردنەوە گازییەکان ئیمزا کرا و لەڕێگەیەوە پاڵەوانیەتییەکی تۆپی پێی سەرتاسەری بۆ قوتابخانەکانی کوردستان دێتە ئەنجامدان.

لەکۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەدا، کە لەهۆڵی سەعد عەبدوڵلا هاتە ئەنجامدان، سەفین موحسین دزەیی وەزیری پەروەردە لەوتەیەکدا گوتی: وەرزش نیشانەی تەندروستی و ژیانەوە و بوژانەوە و بەختەوەری مرۆڤە، لەش و هزری تەندروست لەبەردەوامبوونی چالاکیی وەرزشیدایە، وەزارەتی پەروەردە لەڕوانگەی سیستمی نوێی خوێندندا بایەخێکی بەرچاو بەپەروەردەی وەرزشی دەدات.

پاشان گرێبەستی نێوان وەزارەتی پەروەردە و کۆمپانیای ناوبراو ئیمزا کرا، کە بەپێی ئەو گرێبەستە پاڵەوانیەتیی تۆپی پێی یاریگە بچووکەکان (فوتساڵ) بۆ قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان ئەنجام دەدرێت بەناوی جامی کۆکا کۆلا.

لەپاڵەوانیەتییەکەدا ٥٣٠٠ قوتابی لە٥٣٠ قوتابخانە بەشداریی دەکەن، کە لەشارەکانی هەولێر، سلێمانی، دهۆك، ئیدارەی گەرمیان، خوێندنی کوردیی کەرکوك بەشداریی تێدا دەکەن.

بەپێی گرێبەستەکە کۆمپانیای سی سی سەرجەم خەرجییەکانی پاڵەوانیەتییەکە لەئەستۆ دەگرێ، جگە لەوەش ئەو تیپەی دەبێتە پاڵەوان، گەشتێکیان بۆ ڕێك دەخرێت بۆ ئامادەبوون لەیارییەکی پێش کۆتایی پاڵەوانیەتیی جامی یۆرۆی ٢٠١٢ کە لەپۆڵەندا و ئۆکرانیا لەهاوینی داهاتوو دێتە ئەنجامدان.

لەلای خۆیەوە وەزارەتی پەروەردەش پاڵەوانیەتییەکە ڕێك دەخات و بەڕێوەی دەبات.

لەپاڵەوانیەتییەکەدا ٦٠ قوتابخانە لەهەولێر، ٦٠ لەسلێمانی، ٦٠ لەدهۆك، ٣٠ لەگەرمیان و ٢٠یش لەخوێندنی کوردیی کەرکوك بەشداریی دەکەن، هەر تیپێك بە١٠ یاریزان بەشدار دەبێت.

جونەیت ئارات بەڕێوەبەری گشتی کۆمپانیای کۆکا کۆلا لەکۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەدا گوتی: پارساڵ پاڵەوانیەتییەکە سەرکەوتوو بوو، بۆیە ئەمساڵیش گرێبەستەکەمان لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە نوێ کردەوە بۆ دووبارە ئەنجامدانی پاڵەوانیەتییەکە، هەروەها گرێبەستەکەمان تا ساڵی ٢٠١٥ درێژەی دەبێت.

بەپێی ڕێککەوتنی هەردوو لا، پاڵەوانیەتییەکە لە٣١ی ئەم مانگە لەشاری دهۆك دەست پێ دەکات و پاشان لەڕۆژانی دواتردا لەشارەکانی تر دەست پێ دەکات، دواتر پاڵەوانی هەر شارێك، لەخولێکی کۆتایی لەهەولێر بەیەك دەگەن و لەسەر بەدەستهێنانی نازناوەکە ململانێ دەکەن.

**فۆتۆ: ئەرسەلان عەبدوڵلا**

# یانەی هەولێر لەڕیزبەندی ٢٢٦یەم باشترین یانەکانی جیهانە

یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی بۆ مێژوو و ئامار (IFFHS) ئاماری باشترین یانەکانی جیهانی بۆ مانگی (١٢) لەساڵی ٢٠١١ ئاشکرا کرد، لەم ڕیزبەندە ٤٠٠ یانە ناوی هاتووە و یانەی هەولێر لەم مانگە ١٢ پلە هاتە پێشەوە و ئێستا لەپلەی (٢٢٦)یەم باشترین یانەکانی جیهان دێت بەکۆکردنەوەی (٨١,٥) خاڵ دوای ئەوەی لەمانگی ڕابردوو لەپلەی (٢٣٨)یەم هات، یانەی هەولێر لەم ڕیزبەندە تاکە نوێنەری کوردستان و عێراق و لەم ڕیزبەندە شێرەکانی قەڵای زەرد لەپێش چەند یانەیەکی بەناوبانگی ئەورووپی و ئاسیا و ئەفریقیا و ئەمریکای باکوور دێت.




هەر لەم ڕیزبەندە یانەی بەرشلۆنە توانی پارێزگاری لەپێشەنگ بکات دوای ئەوەی توانی ٣٦٧ خاڵ کۆبکاتەوە و یانەی ڕیال مەدرید لەپلەی دووەم دێت بەکۆکردنەوەی ٣١٢ خاڵ. جێگەی باسە ئەم ڕیزبەندە پشت بەئەنجامی یانەکان لەخولەکانی ناوەخۆ و جامی وڵاتەکانیان و پاڵەوانێتیەکانی دەرەوە دەبەستێت.

# سەرهەنگ موحسین

**هەفتەی ڕابردوو سەنتەری ئاسوودە ئاهەنگی خەڵاتکردنی بۆ ٢٢ لاوی داهێنەر و بەتوانای شاری هەولێر سازکرد، لەم ئاهەنگە هەر یەکە لە کاکەمین نەجار ئەندامی مەکتەبی سیاسی و پشتیوان سادق سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و نەوزاد هادی پارێزگای هەولێر و دکتۆر کاوە مەحمود وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان و ئاسۆس نەجیب وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و بەشیر خەلیل ئەندام پەرلەمانی کوردستان و چەند کەسایەتێکی تر ئامادەی ئاهەنگەکە بوون.**

**لەم مەراسیمەدا تەنیا یەك وەرزشوان تیاییدا خەڵات کرا ئەویش سەرهەنگ موحسین گۆڵچی یانەی هەولێر بوو، کە بەباشترین**

# ١٥ یانەی وەرزشی کوردستان کەم کرایەوە

هەفتەی رابردوو لەبارەگای بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش و یارییە میللییەکان کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسی ئەنجامدرا سەبارەت بە کەمکردنەوەی یانەکان و چوونی شاندی بەڕێوەبەرایەتییەکە بۆ وڵاتی تورکیا، لەم کۆنگرە رۆژنامەنووسییە هەریەکە لە د.سامی عەزیز بەڕێوەبەری گشتی وەرزش و یارییە میللییەکان و ئەزمەر خەلیل جێگری بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوەبەرایەتی وەرزش و یارییە میللییەکان ئامادەی بوون، سەرەتا د.سامی عەزیز باسی لە گرنگی کەمکردنەوەی ژمارەی یانەکانی کرد و گوتی: دوای ئەوەی لە قۆناغی یەکەم ژمارەیەك لە یانەکانمان کەمکردەوە و ئێستا لە قۆناغی دووەم ١٥ یانەی ترمان کەمکردەوە و پێدانی مۆڵەتی ساڵێك بۆ ٥ یانەی تر تاکو ژێرخانی وەرزشی خۆیان چاکبکەنەوە و سێ یانە منحەی ساڵانەی حکومەتیان لێ ببڕێت و ئێستا ژمارەی یانەکانی کوردستان بووە ٧١ یانە و لە قۆناغی سێیەم ژمارەیەکی تریش کەم دەکرێنەوە.

لەدرێژەی قسەکانی سامی عەزیز گوتی: ئەم ١٥ یانەیە ماوەی ١٥ رۆژیان لەبەر دەستە و دەتوانن نارەزایی خۆیان و پێشکەشی لیژنەی نارەزاییەکان بکەن، کە وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان پێکیهێناوە و ئەم یانانە لە ئایندە ئەگەر ژێرخانی خۆیان باشتر کرد ئەوە دەتوانن داوای وەرگرتنی مۆڵەت لە حکومەت بکەن بۆ ئەنجامدانی چالاکییە وەرزشییەکان.

دواتر ئەزمەر خەلیل جێگری بەڕێوەبەری گشتی باسی لە گرنگی سەردانی شاندی بەڕێوەبەرایەتی وەرزش و یارییە میللییەکان بۆ وڵاتی تورکیا کرد و گوتی: ئەم سەردانە زۆر گرنگ بوو، چونکە لەنزیکەوە ئاگاداری چۆنیەتی بەڕێوەچوونی یانەکان و پێدانی مۆڵەت بە یانەکان بووین و چەندین فایلی دۆکومێنتاریمان لەگەڵ خۆمان بۆ یانەکان هێناوە و ئێستا خەریکین بۆ زمانی کوردی وەردەگێڕین بۆ ئەوەی بەسەر یانەکان دابەش بکەین تاکو سوودی لێوە ببینن.

لە کۆتایی کۆنگرە رۆژنامەنووسییەکە لیستی یانە کەمکراوەکان ئاشکرا، کە بەمشێوەیە بوو.

یانە کەمکراوەکان (ئامێدی، گولان، حوگنە، ئەرمەن، ئاشوری)

**یانە دەمجکراوەکان:**

حاجیاوە لەگەڵ چوارقورنە بووە یەك یانە، کرێکاران و کەیوان بوونە یەك یانە بەناوی (کەیوان)، ئاشتی داقوق و لەیلان بوونە یەك یانە بەناوی لەیلان، وارماوە و سیروانی شارەزوور بوونە یەك یانە بەناوی شەهیدان، جەلەولا یەك و جەلەولا دوو بووە یەك یانە بەناوی جەلەولا، تەئاخی و ئاڵتون کۆپری بوونە یەك یانە.

ئەو یانانەی کە مۆڵەتی یەك ساڵیان پێدراوە بۆ چاککردنەوەی ژێرخانی وەرزشی خۆیان:

(خەبات، رزگاری، پێشکەوتن، قەڵادزێ، شێخان).

ئەو یانانەی کە منحەی حکومەتیان لێ براوە بۆ ماوەی یەك ساڵ:

(ئەسپسواری هەولێر، فرۆکەوانی هەولێر، فرۆکەوانی سلێمانی).

# بەباشترین وەرزشکاری ساڵی ٢٠١١ دەستنیشان کرا



وەرزشکاری ساڵی ٢٠١١ دەستنیشان کرا بەهۆی ئەم ئاستە بەرزەی کە لەیارییەکانی خولی نایابی عێراق لەگەڵ یانەی هەولێر پێشکەشی کرد.

جێگەی باسە سەنتەری ئاسوودە ساڵانە ئەم مەراسیمانە ساز دەکات بۆ خەڵاتکردنی لاوە داهێنەر و بەتواناکان لەگشت بوارەکان.

مەراسیمەکە لە هۆڵی کتێبخانەی گشتی هەولێر ئەنجامدا.



# راهێنەرێکی نوێ بۆ تیپی تۆپی باسکەی (جیهان)

دوای ئەوەی ئەنجامی یارییەکانی تیپی تۆپی باسکەی یانەی (جیهان) لەخولی پلە نایابەکانی کوردستان وەکو پێویست نەبوو، بۆیە دەستەی کارگێڕی یانەکە بەفەرمی بڕیاریدا گۆڕانکاری لەنێو تیپەکەدا بکات بۆ ئەوەی بتوانن دووبارە ئەنجامەکایان باشتر بێت، لەلێدوانێکیدا سیروان سەعید ئەندامی دەستەی کارگێڕی یانەی جیهان گوتی: دەستەی کارگێڕی یانەکەمان بەفەرمی بڕیاری دا گرێبەست لەگەڵ ڕاهێنەری ناسراوی عێراق سوبحی کامل مۆربکات کە بەڕەگەز عەرەبە بۆ ئەوەی ئەرکی ڕاهێنەرایەتی تیپەکە لەخولی نایابی کوردستان بخاتە ئەستۆی خۆی، تاکو دووبارە ئەنجامی یانەکەمان لەخولی نایابی کوردستان باشتر بێت و بتوانین ئەنجامێکی باش بەدەستبهێنین.

لەدرێژەی قسەکانیدا سیروان سەعید گوتی: لەهەمان کاتدا دەستەی کارگێڕی یانەکەمان ڕاهێنەری پێشووی تیپی تۆپی باسکە عەبدولخالق عەبدولقادری وەکو سەرپەرشتیاری گشت تیپەکانی تۆپی باسکەی یانەکە دەستنیشان کرد.

جێگەی باسە یانەی جیهان لەقۆناغی یەکەم پلەی شەشەمی بەدەستهێنا و ١٢ خاڵی کۆکردەوە، وا بڕیارە لە٢٦ی ئەم مانگە قۆناغی دووەمی خولی پلە نایابەکانی کوردستان بۆ تۆپی باسکە دەست پێبکاتەوە.